# ئەبێت حکومەتی یەکگرتو بتوانێت؟

## نامق هەورامی

رەنگە هیچ شتێك هێندەی یەك گرتنەوەی ئەم دوو ئیدارەیە سەخت نەبوبێت لەم قۆناغەی ئێستادا چونکە کەلێنەکە لەوە گەورەتر بوو بتوانرێت بەو ئاسانییە بەم ئاکامەی ئەمڕۆ بگات .

بەدرێژایی ئەو ساڵە شومانەی لێکترازان و جیایی نێومالّی کورد چینی خوارەوەی کۆمەڵ لە ئاکامە نێگەتیڤەکانی ئەو روداوانە پشکی گەورەیان بەرکەوت ، بەپێچەوانەوە بازرگانەکانی شەڕ دەوڵەمەندترو دەوڵەمەند تر بوون ، ئەم بازرگانانە ئەوانە بوون لەهەر سەردەمێکدا بوبن ئەوانە کوڕی ئەو سەردەمەو پیاوی پاشای سەروەخت بوون وبەداخەوە هەندێك لە خەباتگێرانی رۆژەسەختەکانیشیان خستە ژێر کاریگەری خۆیانەوە .

بەڵام هەق وایە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەوردی دیراسەی هەردوو دیوی ئەو دۆخە

بکات وبپرسێت:

1- کێ بەرپرسە لە ڕەخساندنی زەمینە بۆ ئە هەلپەرستانەی کە رابردویان پڕە لە تاوان و ئێستاشیان لێواولێوە لە بازرگانی نارەوا بەسەر سامانی ئەو نەتەوەیەوە کە بەفرمێسك و خوێن ئەمڕۆی دروستکرد .

بۆ دەبێت ئەوانەی لە دوێنێدا چاوساغی هۆردوی ئەنفال بوون ئەمڕۆش کوڕی دیوەخان وخان و سەرداری میللەت بن و ئەوانەی لە رابردودا گیرۆدەی دەستی ئەمانەبوون و لەترسی ئەوەی کە کوڕ یان برا یان کەسێکیان پێشمەرگەبوو یان هەرنەبێت پیاوی رژێم نەبوون لەلایەن ئەمانەوە راوەدوو دەنران ، کەچی ئەمرۆش ئەوان هەمان سەردەستەو خەڵکەکەش هەر بندەستە بن؟

2/ ڤایرۆسی ئەم خەڵکە هەلپەرستە ئەوەند زوو لەناو کۆمەڵگەو بەشێك لە تێکۆشەرو خەباتگێرانی رۆژەسەختەکاندا تەشەنەی کرد ئەستەمە بەری لێبگیرێت چونکە ئەم ڤایرۆسە بەردەوام لەنێو دامودەزگاکاندا خۆی ئەبدێت ئەکاتەوە، بەڵام هەق وایە لەوە بپرسین کەئەو فاکتەرانە چین وایان لەو شۆرشگێڕانە کرد کەتوشی ئەم پەتایە ببن ، ڤایرۆسی هەلپەرستان بەهێز بوو یان بەرگری و ئینتیمای نیشتمانی شۆڕشگێڕان لاواز بوو؟؟

لێرەدا مەسەلەیەکی کوشندە دێتەگۆڕێ ئەویش دیاردەی دەوڵەمەند بوونی بێ بنەمایە ، لەگەڵ ئەوەشدا من باوەڕم بەوە هەیە کە کۆکردنەوەی سامان ماڤ هەمووکەسێکە ( بەمەرجێك لەسەر ماڵ و سامانی گەل نەبێت بەشێوەیەکی نادروست) ، پاش ئەو راپەرینەی کە بەبارتەقای بەرهەمەکەی بۆ هەلپەرستان ئێمە خەبات و قوربانیماندا و ئێستاش گۆڕە بەکۆمەڵەکان و هەزارەها مرۆڤی بێسەروشوێنی بارزانی و قەتارەی ئەنفال وپەیکەری مرۆڤە ڕەش داگەراوەکانی هەڵەبجەو خوێن و گۆشتی نێو قەسابخانەکان و دەیان پاکیزەی ئەتککراو شایەدی ئەو راستیيەن .

بەهەمیشەیی پرسیارێك ناخم دەهەژێنێ ئەویش ئەوەیە کە راپەرین کراو لەودیوو سنورەکانەوە گەرانەوە تەنها کۆڵەپشت و تفەنگەکانیان پێبوو ، لێرەش لەوکاتەوە تا ئێستا سەرقاڵی خەباتن و ئەم ئەزمونە دەپارێزن و موچەکانیان دیارییەو کەسیان نەیپەرژاوەتە سەر کاسبی کردن ئەی لەکوێوە زۆربەیان دەوڵەمەند بوون؟؟؟؟

ئێستا دەبێ ئەو هۆکارانە وایانکردوە کە بەشێوەیەکی زۆر دیار دابڕانێك لەنێوان جەماوەرو حکومەتدا دروست بووە خەڵکی ئینتیمایەکی لاواز یان بێ ئینتیمان بۆ ئەو حکومەتەی کە ئاواتی ساڵەهای ساڵیان بوو .

ئاخر ئینتیما لەکوێ بمێنێ کاتێك شۆرشگێرێك لەخوار خۆفرۆشێکەوە بێت یان لەسایەی حکومەتی خۆیدا تەقەی لێبکرێت یان ئێستاش ئەو سیمبولانەی رژێمی لەناوچوو بەبەر چاویەوە دەشەکێتەوە .

ئەمرۆ لەسەروبەندی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەو دروستکردنی ئیدارەیەکی یەکگرتودا ئەرکی بەپەلەی ئەو حکومەتە لەچەند خالێکدا دەبینمەوە لەوانەش:

1- بۆ ئەوەی ئەوەی ئێستە دێتەکایەوە حکومەتی تەواوی گەل بێت پێویستە بەکردار ئەوە بسەلمێنێت و مەسەلەی چارەسەرکردنی گەندەلی لە ئەولەویاتی کاری بێت ، بەمەش رەنگە بتوانرێت سەرەتایەك دروستبکرێت بۆ ئاشتبونەوەی خەلك لەگەل دەسەلاتدا و هەست بە گێرانەوەی ئینتیمای نیشتمانی بکرێت و ئەمەش پێویستی بەوە هەیە خەلك وەك چۆن لە ئەرکدا بەشدارن دەبێت مافیشیان یەکسان بێت .

2- دەبێت حکومەت پرۆژەی بەپەلەی هەبێت بۆ چارەسی نیشتەجێبوون و مەسەلەی ئەنفال و کیمیاباران لە ئەولەویاتەکان بێت .

3- دەبێت حکومەت بەپشت بەست و گەرانەوە بۆ رای خەلکی لەمەر روداوو پێشهاتە چارەنوسسازەکان هەلوێستی دیارو شەفافی هەبێت.

4- بەعس ئەو دڕندەیە بوو کە خوێنی هەموانی دەمژی بۆ سرینەوەو بنبڕکردنی ئاسەوارەکانی تا گیانی شەهیدان ئاسودەبن ، ئەرکی حکومەتی تازەیە دورلە موجامەلاتی سیاسی لەسەرتاسەری کوردستاندا ئالای نەگریسی بەعس دابگیرێت .

5- بۆ زیاتر لابردنی مۆرکەکانی حزب و گەرانەوە بۆ سیستمی یاسایی ونیشاندانی نیازپاکی لەکاردا پێویستە ئالای کوردستان لەسەر تەواوی بارەگاکان و دەزگا ئیدارییەکان هەلبکرێت و ئالاکانی تر وەلا بنرێن و تەنها لەبۆنە تایبەتییەکانی حزبەکاندا بەرز بکرێنەوە

ئەمانە ئەو خالە سەرەتاییانەن کە لەکارنامەی حکومەتدا هاتبون جارێکی تر ئەگەرێمەوە سەر هەمان پرسیاری سەرەوە ئەبێت حکومەتی یەکگرتو بتوانێت گۆرانکاری بنەرەتی بکات؟

نامق هەورامی
namqhawramy@hotmail.com